# عەلائەددین سەجادی
# لە بیرەوەریی
# (عەبدولڕەقیب یووسف)دا

هێمن عومەر خۆشناو
(شەقڵاوە)

بە بیرهێنانەوەی چەند دیمەنێکی ژیانی نووسەرانی کورد لە پێش زیاتر لە نیو سەدە، بۆ خۆی بریتییە لە تۆمارکردنی مێژوو، لەو سۆنگەیەوە دوای تێپەڕینی زیاتر لە ٦٥ ساڵ لە ناسینی مامۆستا عەلائەددین سەجادی (١٩٠٧-١٩٨٤/١٢/١٣)، لە دەرگەی بیری «م. عەبدولڕەقیب یووسف»مان دا و هەوڵمان دا چەند دیمەنێکی دیمانەکانی دیوانی (م. عەلائەددین سەجادی)مان لە ڕێی قسەوە بۆ بگێڕێتەوە، کە ئەمەی خوارەوە دارشتنەوەی قسەکانیەتی:

- ئەوەی لە بیرمە یەکەم جار کە من (م. عەلائەددین سەجادی)م ناسی، لە زستانی ساڵی ١٩٥٨ بوو، کە چوومە بەغدا، چوومە لای هەڤاڵی خۆشەویستم ئەبووزێد مستەفا سندی، ئەبووزێد مرۆڤێکی زیرەک بوو و نووسینی کەم بوو، بەڵام کە بینووسیبا زۆر جوان دەینووسی، لە لای مامۆستا مەلا کەریمی بیارە خوێندبووی، ئەگەر هەڵە نەبم ئیجازەی مەلایەتیشی لە مەلا عەبدولمەجیدی قوتب (١) وەرگرتبوو، دواتر لە پەروەردەی کوردی بەغدا بووبووە فەرمانبەر، مخابن لە تەمەنێکی زوودا بە نەخۆشیی گوشاری خوێن کۆچی دوایی کرد، ئیتر کە چوومە لای ئەو، ماڵی لە بەغدا بوو، منی بردە لای عەلائەددین سەجادی، هەمیشەیش پێی دەگوت مامۆستا عەلا. چووینە لای


مامۆستا عەلا، مامۆستا جلی مەلایەتیی لەبەر بوو، واتە جوببەلەبەر و شاشک لەسەر بوو، لە مزگەوتێکی بچووک بوو، کە دەکەوتە مەیدان لای وەزارەتی بەرگری، هەرکە دەچیتە مەیدان، دەچیتە نێو شەقامی ڕەشید، یەکەم دەروازەی ڕەشیدە، هەڵبەت حەیدەرخانە بەشێکی ئەوێیە و دەکەوێتە دەستە چەپ، مزگەوتە بچکۆلەکەی مامۆستا عەلایش هەر لەو سووچەدا بوو و ئەو ئیمامی ڕەسمی ئەو مزگەوتە بوو.

## سەجادی و جگەرخوێن

کتێبخانەکەی مامۆستا لە سەربانی مزگەوتەکەیدا، لە هۆدەیەکدا بوو، کتێبخانەیەکی گەورە بوو، ئیتر زۆر جار من و ئەبووزێد لە نێوانی نوێژی ئێواران و خەوتنان دەچووینە لای و ئەو کاتە خەڵکی دیکەش لە خوێندەوار و نەخوێندەوار دەهاتنە لای. بۆ وێنە جارێک من (جگەرخوێن)ی مەزنم لەوێ دیت، دانیشتبوو، مامۆستا عەلا بە منی گوت تۆ ئەو زەلامە دەناسی؟ باش نەهاتەوە بیرم و گوتم نەخێر! گوتی ئەمە جگەرخوێن (١٩٠٣ - ١٩٨٤/١١/٢٢)ـە، ئیتر من گەش بوومەوە و دووبارە ناسیمەوە، چونکە پێشتر لە ساڵی ١٩٥٣ (جگەرخوێن)ی شاعیری مەزنی کوردم لە ماڵی شێخ ئیبراهیم حەقی (٢) لە قامیشلۆ بینیبوو، ئەوجا ئەو کاتەی من لە ناوچەی گۆران دەشتی شاری وان بووم، کاغەزێکم بۆ جگەرخوێن نارد و پێم گوت کە من بخاتە نێو حیزبی کوردی. بەڕاستی من نایشارمەوە کە هزری نەتەوایەتیم بە هۆی (جگەرخوێن)ـەوە ناسی.

## مامۆستا سەجادی و حەسەن بەگی جاف

یەکێک لەوانەی کە موریدی مامۆستا بوو و هەمیشە دەهاتە حوجرەکەی، حەسەن بەگی



عەلائەددین سەجادی

جاف (٣) بوو، واتە حەسەن بەگی نوکتەباز، ئیتر قسە و نوکتەکانی زۆر خۆش بوون، زۆربەی شەوان دەهاتە لای مامۆستا، ئەوجا مامۆستاش جگەرەی دەکێشا و حەسەن بەگیش هەروا، مامۆستا نەختێک دەستگرتوو و قاڕنان بوو (وا ناسراو بوو- بە پێکەنینەوە)، ئەو دەمەی مامۆستا قوتووی تووتن و جگەرەکەی دەرهێنا، حەسەن بەگ پێی گوت دەی ئەو تووتنە بدە منیش، خۆ تۆ ماشاڵڵا ئینسانێکی زۆر سەخی تەبیعەتی! بەو شێوەیە توانجی لە مامۆستا دەگرت.

## مامۆستا سەجادی و ئەمینداری ئەوقاف

لەسەر داوای حکوومەتی عێراق بووە ئەمینداری گشتیی ئەوقاف. مامۆستا زۆر پێی ناخۆش بوو کە ببێتە ئەمینداری ئەوقاف لە کوردستان. جارێک کە لەوێ دانیشتبووین، مستەفا نەریمان (١٩٢٥-١٩٩٤) هات و گوتی مامۆستا وازیان لە تۆ هێنا،

چونکە ئەمڕۆ چوومە لای محەمەد مەحجووب (٤) و ئەو قەناعەتەم لا دروست کردن کە واز لە تۆ بێنن. مامۆستا گوتی دە وەڵڵا مەولوودێکم خێر بێ، بەس ئەوانە وازم لێ بێنن. دواتر کە ڕۆیشتن، مامۆستا پێی گوتم دەزانی ئەو مەسەلەیە چییە؟ گوتم نەوەڵڵا. گوتی واز لە من ناهێنن و دەڵێن پێویستە ببی بە ئەمینداری ئەوقاف. منیش پێم خۆش نییە. ئیتر مستەفا نەریمان چووە بە محەمەد مەحجووبی گوتووە کە لەو پۆستە بیبەخشن و ئەوانیش گوتوویانە باشە، بەڵام دواتریش نەیانبەخشی و مامۆستا بە ناچاری کرایە ئەمینداری ئەوقاف (من شایەتی ئەو قسەیەم).

## عەلائەددین سەجادی و بانگبێژی مزگەوتەکەی

مامۆستا بانگبێژێکی کوردی هەبوو، ناوی پیرداود بوو، زەلامێکی بەتەمەن بوو و کەمێک گێلۆکە بوو. بیرم دێت جارێک مامۆستا پێی گوت پیرداود بچۆ تۆزێک ئاوم لە شەربەکە بۆ بێنە، ئەو کاتە شەربەکەیان پڕ لە ئاو دەکرد و لە سووچێکی بانەکەیان دانابوو تا تۆزێک فێنک بێ، ئەو دەمە ساردکەرەوە و بەفرگر نەبوو. پیرداود لە جیاتی بچێ ئاو بێنێ؛ یەکسەر چوو بانگی عیشای دا.

مامۆستا گوتی کوڕە ئەوە چیت کرد پیرداود، کوڕە من بە تۆم گوت ئاوم بۆ بێنە، تۆ بۆ چووی یەکسەر بانگت دا، نازانی بانگی عیشا هێشتا ماویەتی! پیرداود گێلۆکە بوو، مامۆستا جار جار کێشەی لەگەڵ دروست دەبوو، ئیتر دانیشتوانی حوجرەکەی مامۆستا هەموو دەستیان بە پێکەنین کرد.

## مامۆستا و کتێبخانەکەی

لەبیرمە مامۆستا عەلائەددین گوتی ناخۆشترین شت لای من ئەوەیە لەنێو کتێبخانەکەمدا لە کتێب بگەڕێم. مامۆستا مێزێکی دانابوو، زۆربەی کات لەو ژوورە دەینووسی. ئێمە زۆر دەچووینە لای، منیش جارێک پێم گوت مامۆستا کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردیم بدەرێ و دەیبەمە هوتێلەکەم و پێویستمە تا شتێک لەبارەی (ئەحمەدی خانی) یەوە بنووسم. من ئەو کاتە سەڵت بووم و لە ئوتێلەکەی حەسەن فەهمی بووم لە جادەی فەلەستین بە ناوی ئوتێل فەلەستین. کە گوتم کتێبم بدەرێ، مامۆستا بە تووڕەییەوە گوتی بە (کاک ئەحمەدی شێخ)م سوێند خواردووە، کتێب لە کتێبخانەکەم دەرناچێ. بەڕاستی من ڕەنگم زەرد هەڵگەڕا و زۆر شەرمم لە خۆم کرد، پێم سەیر بوو تەنانەت کتێبی خۆی نەدایە من بیبەمە ئوتێل و بیخوێنمەوە.

جا مامۆستا لەبەر ئەوەی زۆر منی خۆش دەویست، جارێکی تر ئەوەی بیرخستمەوە و گوتی من لە فلان ڕۆژ ئەو قسەیەم بە تۆ گوت، لەوانەیە تۆ لە دڵت گران بووبێ، بەڵام ئەتۆ نازانی چیم بەسەر هاتووە، چەند خەڵک کتێبی بردووم و نەیهێناوەتەوە! ئیتر سوێندم بە کاک ئەحمەدی شێخ خواردووە کە کتێب لە کتێبخانەی من دەرناچێ و نایدەم بە کەس.

## مامۆستا سەجادی و زانایەکەی

یەکێک لەوانەی لە کاتی نێوان نوێژی ئێواران و خەوتنان دەهاتە لای مامۆستا، مرۆڤێکی گەنجی دەموچاو جوان بوو، کتێبێکی مەیلە و شڕی دەستنووسی لە لابوو، لە لای مامۆستا دەرسی دەخوێند، دواتر کە کەسەکە ڕۆیشت، مامۆستا گوتی دەزانی ئەمە کێ بوو؟ گوتم نەخێر. گوتی ئەمە دوکتۆر ئەمین موتابچی (١٩٢٩-١٢/٥/٢٠٢٠) بوو، دیوانی مەلا وەسمانی

باپیری هێنابوو، حەز دەکات چاپی بکات، ئیتر دێت لەلای من دەیخوێنێتەوە و من بۆی شرۆڤە دەکەم و ئەو دەربڕینانەی گران بن بۆی لێک دەدەمەوە. ڕاستی من ئەو کاتە نەمدەزانی هێندە شارەزای زانستەکانی ئایین و عەرەبییە. وام دەزانی مامۆستا دەرسی نەداوەتەوە و گومانم دەبرد کە مامۆستا دەرسەکانی لەبیرچووبنەوە، بەڵام کە دەمبینی ئەو دیوانەی بۆ ئەمین موتابچی لێکدەدایەوە و ئاماژەی بەوە دەدا کە ئەم وشەیە ئاماژەیە بۆ فلان ئایەت و ئەوە ئاماژەیە بۆ فلان فەرمووده و وتەی فلان زانای ئیسلامی. گوتم مامۆستا بەخوا من نەمزانی ئەو زانستانەت وەها لەبیر ماون و وام گومان دەبرد کە تۆ دەرست نەداوەتەوە و ئیتر ئەو زانستانەت لەبیر کردوون، جا مامۆستا بەڕاستی زانا بوو، یەکێک لە قوتابییەکانیم بینی لە ماڵی عومەر حەسەن بابەکری ڕەحمەتی، گوتی مامۆستا دێڕە شیعرێکی نالی لە زانکۆ بە هەژدە واتا بۆ ئێمە شرۆڤە کرد و لێکدایەوە، واتە مامۆستا هێندە زانا و هێندە ورد بوو.

## مامۆستا عەلا و قزڵجی

لە بەغدا مامۆستا عەلا پێوەندیی لەگەڵ مەلا محەمەدی قزڵجی (١٨٩٧- ١٩٥٩) خۆش بوو، قزڵجیش لە حوجرەیەک بوو لە مەدرەسەی نائیلە خاتوون لە حەیدەرخانە، کە لە مەیدانەوە لای وەزارەتی بەرگرییەوە دەچیتە ناو حەیدەرخانە و نێو شەقامی ڕەشید، دەکەوێتە دەستە چەپ، نزیک چاپخانەی پەرلەمان، جا من کتێبی (قزل ایجان)ی بەدیعوززەمان سەعیدی نورسی (١٨٧٧ -١٩٦٠/٣/٢٣) کە لەسەر کتێبی (سوللەمی منطق)ی دانابوو خوێندبووم، کتێبێکی زۆر وشک بوو، تەنانەت بەدیعوززەمان دەڵێ من بۆ



**عەبدولڕەقیب یووسف**

ڕاهێنانی هۆش ئەوەم نووسیوە. منیش هەندێ بابەتی ئەو کتێبەم نیشانی مامۆستا عەلا دا، مامۆستا سەری لێ دەرنەدەچوو، گوتی بچۆ لای مەلا محەمەد قزڵجی، بەڵکوو ئەو شتێکی لێ بزانێ.

ئیتر من و ئەبووزێد چووینە لای مەلا محەمەدی قزڵجی کە زەلامێکی گڕ و بە هەیکەل بوو، دوای ئەوەی کتێبەکەم دایە دەست، ماوەیەک ئەملا و ئەو لای هەڵدایەوە و تێیوەڕاما و چاوێکی پێداخشاند و گوتی ئەگەر موتاڵایەکی باشی بکەم ڕەنگە سەرم لێ دەربچێ.

مەلا محەمەد نەخۆشی شەکرەی هەبوو، بەڵام هەموو ڕۆژێ دەبوایە پەرداخێک شەربەتی مێوژ بخواتەوە، ناردی لە حەیدەرخانە شەربەتی مێوژی بۆ هات، خواردییەوە. ئەبووزێد گوتی مامۆستا ئەو شەربەتە بۆ تۆ باش نییە. مامۆستای قزڵجی گوتی هەرچی شتی خۆشە دیانەت لە ئینسانی حەرام کردووە!

## سەجادی و ژیاننامەکەی

هەر لە شەستەکانەوە حەزم دەکرد هانی کەسایەتییە گەورەکان بدەم ژیاننامەی خۆیان بنووسنەوە، هەر لەو سۆنگەوە بە مامۆستا (عەلائەددین)م گوت مامۆستا کورتەی ژیانی خۆتم بۆ بنووسە، بە قسەی نەکردم و گوتی من نانووسم.

بەڵام جارێک من و ئەو پێکەوە بووین، ئیتر بە وردەکاریی باسی ژیانی خۆی بۆ کردم، دواتر پێی گوتم تۆ ئەو ڕۆژە پێت گوتم کە ژیاننامەی خۆم بنووسم، ئەمە هەموو وردەکارییەکانی ژیانی منە و بۆتم باس کرد.

بەڵام مخابن زۆر جار دەرفەتم بۆ هەڵکەوتووە و لەدەستم داوە. دەبوایە کە گەڕابامەوە یەکسەر ئەوەی مامۆستا عەلا گوتوویەتی بیخەمە سەر کاغەز و بینووسمەوە، کە تا ئێستا بەو وردەکارییە ژیاننامەی مامۆستا نەنووسراوەتەوە. بەداخەوە نەمنووسی و نەمنووسی و ئەوەیشی هەبوو لەبیرم چوو، ئیتر ئەو داخەی خۆم لە چەند شوێنێکدا نووسیوە و باسی ئەو هەڵەیەی خۆم کردووە، تەنانەت هەڵەی تریشم کردووە و دەرسم لێ وەرنەگرتووە. بەڕاستی مرۆڤ کە شتێکی نایاب و دانسقەی گوێ لێ بوو، پێویستە یەکسەر بینووسێ و بۆ بەیانی دوای نەخات، ئەمە وەک وەسیەتی خۆم و وەک ئەزموونی خۆم کە بەسەرم هاتووە و لێی پەشیمان بوومە.

## سەجادی و پێشەکی نووسین

لە سەروبەندی چاپکردنی کتێبەکەم بە ناوی (الدولة الدوستكية)، داوام لە مامۆستا سەجادی کرد کە پێشەکییەک بۆ کتێبەکەم بنووسێ، چەند جار پێم گوت ڕازی نەدەبوو، بەڵام هەر وازم لێ نەهێنا، پێی دەگوتم من پێشەکیم بۆ کەس نەنووسیوە، بەڵام پێی نەگوتم بۆچی نەینووسیوە؟ ئیتر لەسەر سووربوونی من، ناچار بوو پێشەکی بۆ کتێبەکەم بنووسێ و ئێستا دەڵێم ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ، کە من بۆ خۆم دواتر بوومەتە دژی پێشەکی نووسین. پێشەکی نووسین بۆ من ئاشکرا بوو، کە شتێکی پڕوپاگەندەیی و خۆهەڵکێشانە و پێویستە نەینووسین و وازی لێ بێنین. نووسەرێکی بچووک دەچێتە لای نووسەرێکی بەناوبانگ و دەڵێ پێشەکی بۆ کتێبەکەم بنووسە بۆ ئەوەی کتێبەکەی بەرەواج بێ، واتە ئەمە بەکارهێنانێکی بانگەشەیی و ڕاگەیاندنە و کارێکی پڕوپاگەندەیە بۆ کتێبەکە، نەک کارێکی زانستی، لەبەر ئەوە من پێشەکی بۆ کەس نانووسم و چەندان کەس داوایان لێ کردووم و گوتوومە نایینووسم. دوو جاریش وەک وتار لە ڕۆژنامە نووسیومە کە دژی پێشەکی نووسینم. دکتۆر عەلی جەواد تاهیر (١٩١٩-٩/١٠/١٩٩٦) لە میتۆدی توێژینەوەی زانستیدا بەناوبانگترین مامۆستای زانکۆی بەغدا بوو، من لێم پرسیوە و نامەم بۆ ناردووە و ئەویش دەڵێ تۆ ڕاست دەکەیت پێشەکی نووس دەڵاڵە و پیشەیەکی زانستی نییە.

جا لەگەڵ مامۆستا عەلائەددین نێوانمان ئەوەندە خۆش بوو، پێش وەفاتی دوو سێ جار هاتە سلێمانی، لەگەڵ ئیبراهیم میرانی برازای هاوژینەکەی و لەگەڵ مامۆستا هیوای خانەقینی کە ئێستا دراوسێمە، ئەوانەی لەگەڵ بوون لە دەربەندیخان، جا پاش مردنی مامۆستا بە چەند ساڵێک، مامۆستا هیوا لە پەروەردەی سلێمانی بوو گوتی شتێک لای منە دەمەوێ پێت بڵێم، منیش وامزانی نهێنییەکی حکوومەتە، یان

نیازی خراپیان بەرانبەرم هەیە و حەزدەکات بە نهێنی پێم بڵێ.

گوتم چییە؟ گوتی ئەو کاتەی من و کاک ئیبراهیم لەگەڵ مامۆستا عەلائەددین چووینە دەربەندیخان، مامۆستا عەلا گوتی لەنێو کورددا عەبدولرەقیب کەسێکی زۆر زیرەکە، بەڵام دژایەتی دەکەن. لەگەڵ ئەوەشدا بۆچی دژایەتی فلان دوکتۆر ناکەن و تەنانەت پروپاگەندەشی بۆ دەکەن، ئیتر من زانیم کە ئەو دوکتۆرە کێیە، چونکە لەسەر ئەو پێشەکییەی مامۆستا عەلائەددین بۆ منی نووسی، ئەو دوکتۆرە نیوەشەڕێکی لەگەڵ مامۆستا عەلا کردبوو کە تۆ چۆن پێشەکیت بۆ کتێبی عەبدولرەقیب یووسف نووسیوە و من مێژوونووسم و دەبوایە من نووسیبام و تۆ مێژوونووس نیت، ئیتر مامۆستا ئەوەی زۆر پێ ناخۆش بوو کە مامۆستایەکی زانکۆ وای پێ بڵێ و مامۆستا نیگەران بکات.

### سەجادی و مێژوو

مامۆستا زۆر حەزی بە مێژوو هەبوو، بیرێکی تەڕی هەبوو، لە بیرتەڕیدا هاوشێوەی حوسێن حوزنی موکریانی (١٨٨٣- ١٩٤٧) دەبینم، جا چونکە خۆی خەڵکی شاری سنە بوو، ناو شار و دار و دیواری سنەیش پڕە لە دیمەنی مێژوویی و تەنانەت شارەکە بۆ خۆی موزەیەکی هونەری بیناسازی و نەخشونیگارە، خۆیشی ئەو دیمەنانەی دیوە و لەگەڵیاندا ژیاوە، بەڵام ڕەنگە هەستی بەوە نەکردبێ لەم بابەتە بکۆڵێتەوە و بەسەریدا تێپەڕیوە، بۆیە وا هەست دەکەم ئەمە حەسرەتێک بووە لە دڵیدا ماوەتەوە، ئەمەیشم لەوەوە بۆ دەرکەوت ئەگەر هەڵە نەبم ساڵی ١٩٨٤ بوو، جارێک میوانی ماڵی مولازم تاهیری عەلی بەگی قامچی ڕەش بوو و ئەو کاتە مولازم تاهیر نەمابوو، منیش یەکەم بەرنامەم لە تەلەڤزیۆنی کەرکووک تۆمارکردبوو و سەعید زەنگەنە لەبارەی خانووە نەخشدارەکان و خانووە کەلەپوورییەکانی کوردستان دیداری لەگەڵ کردبووم، ئەم بابەتە زۆر گرنگ بوو و یەکەم جار بوو لەسەر تەلەڤزیۆن باس بکرێ. مامۆستا هەر بەڕێکەوت ئەو بەرنامەیەی تەلەڤزیۆنی بینیبوو، منداڵ لە ژوورەکەدا زۆر بوون، خێزانی مولازم تاهیر بۆی گێڕامەوە کە مامۆستا عەلائەددین پێی گوتین ئەمە (عەبدولرەقیب)ـە قسە دەکات، ئیتر هەموومانی لە ژوورەکە دەرکرد و خۆی بە تەنیا مایەوە بۆ ئەوەی گوێ لە دیمانەکە بگرێ. وا هەست دەکەم تامەزرۆبوونی بۆ مێژوو و خانووە نەخشدارەکان وای کردووە کە بە تەنیا و تامەزرۆییەوە گوێ لەو بابەتە بگرێ.

ئیتر مامۆستا عەلائەددین لە ئەدەبی کوردیدا مامۆستای گەورەی سەردەمی خۆی بوو، ئەو کتێبەی مێژووی ئەدەبی کوردی کە پێشتر نەمزانیوە کەس وەک ئەوی نووسیبێ، ئەمە زۆر کتێبکی گرنگ و سەرچاوەیەکی هەرە گەورەی مێژووی ئەدەبی کوردییە تا ئێستا.

بەڵێ مامۆستا عەلائەددین مرۆڤێکی هێمن بوو، کەسێکی لەسەرخۆ بوو، زاتێکی خۆبەکەمگر بوو، چەند پەسنی بدەین و باسی بکەین هەر کەمە، ئەمە کورتەیەکی یادەوەریم بوو دەربارەی مامۆستای هەمیشەزیندوو عەلائەددین سەجادی.

### پەراوێزەکان:

(١) مەلا عەبدولمەجیدی قوتب کوڕی عەللامە حاجی مەردان کوڕی مەلا محەمەد ئەفەندی قوتبە، ساڵی ١٩٠٦ لە کەرکووک لەدایک بووە. سەرەتا لای باوکی خۆی و پاشان لای چەند زانایەکی کەرکووک خوێندوویەتی، ئیجازەی

زانستیی لای ناصیح ئەفەندی وەرگرتووە. ساڵی ١٩٢٨ بووەتە ئیمامی مزگەوتی شێخ نووری و پاشان لە چەند مزگەوتێکی تردا مەلایەتی کردووە. ساڵی ١٩٣٠ بووەتە ئەندامی ئەنجوومەنی زانستی و دواتر بەڕێوەبەری پەیمانگەی ئیسلامیی کەرکووک، کاتێ گەیشتووەتە تەمەنی خانەنشینی، بە بڕیارێکی سەرۆکایەتیی کۆمار بڕیار درا لەبەر زانابیەکەی، تا لە ژیاندا بێت خانەنشین ناکرێت. لە ١٩٨٦/٤/٢٦ کۆچی دوایی کردووە.

(٢) شێخ ئیبراهیم حەقی (١٨٩٣- ١٩٦٣): کوڕی شێخ حوسێن کوڕی شێخ خالید علوانی زێبارییە، دایکی ناوی صەفییە بووە و کچی شێخ ڕەشیدی دێرشەوییە. لە گوندی «باسرەت»ی ناوچەی بۆتانی شاری سێرتی باکووری کوردستان لەدایک بووە. لای باوکی دەستی بە خوێندن کردووە، دواتر بنەماڵەکەی بۆ شام کۆچ دەکەن، لەوێ لای زانا ناودارەکانی شام دەخوێنێ و لە تەمەنی دوازدە ساڵی جارێکی تر لەگەڵ باوکی لە شامەوە دەگەڕێنەوە باسرەت، لەوێ دەست بە خوێندن دەکاتەوە و لە لای شێخ حەسەنی فندکی ئیجازەی زانستی وەردەگرێ. دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیا، ئاستەنگیان بۆ دێننە پێش و ناچار دەبن بەرەو عێراق کۆچ دەکەن و دواتر لەوێشەوە دەچنە سووریا و لە گوندی حلوەی سەر بە قامیشلۆ جێگیر دەبن. ئەم بنەماڵەیە لە ناوچەکەدا ڕۆڵێکی گەورەی زانست و ئیرشادیان دەبێت و تا ئێستاش بەردەوامن.

(٣) حەسەن بەگی جاف، یان حەسەن فەهمی بەگی جاف (١٩٠٥-١٩٧٣/٦/١٨) کوڕی عەلی بەگ کوڕی مەحموود پاشای جافە، یەکێک بووە لە سەرۆکەکانی هۆزی گەورەی جاف. خولیای ئەدەبیاتی کوردی و فارسی بووە و لە چەند ڕۆژنامەیەکدا نووسینی بڵاوکردووەتەوە. مامۆستا عەلائەددین سەجادی بەشێک لە قسە خۆشەکانی ناو ڕشتەی مرواری لە زاری ئەوەوە گواستووەتەوە، تەنانەت لە نووسینی مێژووی ئەدەبی کوردییەکەشیدا سوپاسی یارمەتییەکانی دەکات.

(٤) مەبەست (محمد محجوب محمد الدوري) (١٩٣٧- ١٩٧٩)یە، وەزیری پەروەردەی عێراق لە ساڵانی ١٩٧٦- ١٩٧٩ و سەردەمێک پارێزگاری بەسرە، واست و دیالە بووە. یەکێک بووە لەو کەسانەی ڕۆڵێکی گەورەی لە هەڵمەتی نەهێشتنی نەخوێندەواری لە عێراق گێڕاوە. ناوبراو یەکێک بووە لە نزیکەکانی ئەحمەد حەسەن بەکر. سەرەنجام لەلایەن ڕژێمی (سەددام حوسێن)ەوە لە سێدارە درا.